سەرۆک کۆمار و سەرکی دەسەڵاتی دادوەری جێختیانکردەوە لەسەر گرنگی پتەوکردنی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هاووڵاتییاندا



سەرۆک کۆمار، عەبدولڵتیف جەمال ڕەشید و سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێدان، ئەمڕۆ هەینی، جەختیان لەسەر گرنگی پتەوکردنی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هاووڵاتییاندا کرد.

لە بەیاننامەیەکی سەرکایەتی کۆماردا هاتووە: سەرکی کۆمار، عەبدولڵتیف جەمال ڕەشید، پێشوازی لە سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێدان کرد.

ئاماژە بەوەشکراوە" لە میانی کۆبوونەوەیەکدا باس لە پێشهاتەکانی دەخی گشتی وڵات کرا، و بەهێزکردنی ڕێگای دەسەڵاتی دادوەری لە پاڵپشتیکردنی هێزی یاسا و بڕقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری.

هەروەها وتی" هەردووڵا جەختیان لەگرنگی پاراستنی سەربەخێیی دەسەڵاتی دادوەری و پتەوکردنی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان هاوڵاتیاندا کردەوە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە کەجەختکرایەوە لەسەر درێژدان بە هاوکارییە بڕەمدارەکانی نێوان سەرکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە شێوەیەک کە هاوکاری نێوان دەسەڵاتی دەستووری لە بواری یاسادانان و بڕێنگاربوونەوەی گێندەڵی پتەوتر بکات، لەگەڵ چارەسەرکردنی

حاڵەتەکانی ئەو دەستگیرکراوانەی کە ماوەی سزاکانیان بەکۆتایی هاتووە.